SALAHADDIN UNIVERSITY ERBIL

# پەیوەندییە گشتییەکان / ئۆنلاین

قۆناخی دوو

پ.ی.د رزگار رەنجەرۆ

# کورتە مێژووی پەیوەندییە گشتییەکان

## ئامادەکردنی : پ.ی.د رزگار رەنجەڕۆ

هەزاران ساڵە و هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی شارستانیەت دیارەدەی پەیوەندییە گشتییەکان سەری هەڵداوە لای گریکەکان ( یونانیەکان ) بە سێمانتیکۆس ناوبراوە واتە چۆنیەتی بەدەستهێنانی ئەو شتانەی کە مرۆڤ مەبەستییەتی ئەوەش پێناسەیەکە لە پێناسە سەرەتاییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان .



**یولیۆس قەیسەر** ساڵی ٥٠ ی پ.ز کاروانسەرای ژیانی خۆی نووسیەوە بەناوی ( قەیسەر و شەڕەکانی گالیک ) تا بتوانێ کاریگەری خۆی لە ڕێگای ئەو نووسینە بڵاو بکاتەوە بۆ ڕازی کردن و متمانە بەدەستهێنانی خەڵکی ڕۆمان کە باشترین سەرکردەی ولاتە و سیاسەتمەدارانی ئەو کات بەردەوام بوون لە پیاهەڵدانی ڕۆڵە گرینگەکانی سەربازی قەیسەر لە شەڕەکاندا .



سالّی ٣٩٤ زاینی **قەشە ئاوگستین** کە پرۆفێسۆری ڕەوانبیژی بوو لە میلانۆ ی پایتەختی ڕۆژئاوای ئیمپراتۆریەتی ڕۆما پەیامی پیاهەڵدانی گەیاندە ئیمپراتۆر ، کەسایەتیەک بوو بە پلەی وەزیر بۆ پرۆپاگەندەی دادگای ئیمپراتۆریەت ، یەکەم کەسایەتیە کە بە بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکان دەژمێردرێ .



ساڵی ١٧٧٦ ( **تۆماس پاین** ) نامیلکەی ( قەیران ) ی بڵاوکردەوە بووە هۆی ئەوەی کە سەربازەکانی واشنتۆن بیر لە ڕاکردن نەکەنەوە و بەرگەی سەرما و گەرما و هەموو سەختییەکانی ژیان بگرن و لە بەرەکانی جەنگ بمێننەوە بۆیە بە لێزانترین نووسەری پرۆپاگەندەی سیاسی ناوی دەرکرد و خەڵک بروای بە نووسینەکانی دەکرد .



**بێنژامین فرانكلین** ( ١٧٠٦ – ١٧٩٠ ) بە یەكێك لە دامەزرێنەرانی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا دەژمێردرێت و لە زووربەی بووارەكانی زانست ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە بە تایبەتی بواری سیاسی و دیپلۆماسی . فرانكلین بۆ رزگاربوون لە هەموو ململانێیە سیاسیەكان هەندی زاراوەی داهێنا و پەیڕەوی دەكرد لە گفتوگۆدا وەك ( بە بڕوای من ، وای تێدەگەم ، وای دەبینم ، دەبێ وابێ ) . فرانكلین پێش ماس میدیا دەستپێشخەر بوو لە پەیڕەو كردن و داهێنانی ( پەیوەندییە تایبەتییەكان ) كە ئێستا پێی دەگوترێ پەیوەندییە گشتییەكان .



له ناوەڕاستی سەدەی ١٩ **پ.ت بارنووم(فینیەس تایلەر بارنووم** (١٨١٠ – ١٨٩١ )

وەک رۆژنامەوان و بازرگان و کەسایەتییەکی ناوداری ئەمریکا توانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ جەماوەر زۆر پتەو بکات و مۆزەخانە و سیرک و باخچەی ئاژەلان دابمەزرێنێ لە کاروانسەرای ژیانی دا نووسیویەتی کە ئامادەم هەزاران جار لەگەڵ رۆژنامەکان بدوێم چونکە دەزام بێ سوود نیە و کاریگەری خۆم هەیە لەسەر جەماوەری ئەمریکا .



**ولیەم هێنری سیوەرد** ( ١٨٠١ – ١٨٧٢ ) کە ساڵی ١٨٦١ سکرتێری ڕۆژنامەوانی لینکۆڵنی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو سوودێکی بێ پایانی لە ڕاگەیاندن بینی و جەماوەرێکی زۆری پەیداکرد و هەمیشە بە هاوڕێکانی دەوت ( دۆست و هاوڕێ پێش جەنگیش هەر هەیە بۆیە بۆ ڕۆژنامەکان دەدوێم چونکە جەماوەری زۆریان هەیە گرینگ گەیاندنی پەیامەکەمە ئاساییە ئەگەر هەزار جاریش لێدوان بدەم تاکو پەیوەندییە گشتییەکان پەرە بستێنێت )




**ئیڤی لیدبێتەر لی** ( ١٨٧٧ – ١٩٣٤ ) پسپۆری چاپ و بڵاوکردنەوە هەروەها بە داهێنەری پەیوەندییە گشتییەکانی سەردەم ( مۆدێرن ) دەژمێردرێت . ساڵی ١٩٠٣ پەیوەندییە گشتییەکانی بە فەرمی وەک پیشە و پسپۆری کەوتە کار زۆر لە کۆمپانیا مەزنەکانی ئەمریکا پەنایان بۆ ئیڤی لی دەبرد وەک ڕاوێژکار سوودیان لە

ئامۆژگارییەکانی دەبینی ناوادارترینیان جۆن د. ڕۆکفێلەری بازرگان کە دەستی بەسەر ٩٠% کۆمپانیا نەوتیەکانی ئەمریکا داگرتبوو پەیوەندییە گشتییەکانی لا گرینگ بوو بۆ مەبەستی فراوان کردنی دەسەڵاتی .

ئیڤی لی لە بواری پەیوەندییە گشتییەکاندا ئەو پرینسیپانەی لێ بەدیدەکرا :

١ - ڕاستگۆیە

٢ - وردبینی لە پێشکەشکردنی ڕووداوەکان

٣ - بەڕێوەبەری پەیوەندییە گشییەکان دەبێ لە بڕیارەکانی کارگێریدا کاریگەری هەبێت

ئیڤی لی پێناسەی پەیوەندییە گشتییەکان دەکات دەڵێ : پەیوەندییە گشتییەکان واتە پەیوەندییەکی ڕاستەقینەی کۆمپانیاکان بە خەڵکەوە ئەو پەیوەندییەش وا پتەو بێت هەر تەنها قسە نەبێ ، کۆمپانیا دەبێ ئەرکەکانی چاک ئەنجام بدات تا متمانەی خەڵک بە دەست بێنێ .




**ئێدوەرد بێرنایز** ( ١٨٩١ – ١٩٩٥ ) لە ڤییەنا لەدایک بووە و لە تەمەنی یەک ساڵی دایک و باوکی بۆ ئەمریکا سەرهەڵدەگرن و لە نیویۆرک دەست بە خوێندن دەکات ساڵی ١٩١٢ بڕوانامەی بەکەلۆریۆس لە کشتوکاڵ بەدەست دێنێ کەچی ڕوو لە ڕۆژنامەوانی دەکات چەندین پەرتووک دەربارەی پرۆپاگەندە و پەیوەندییە گشتییەکان بڵاودەکاتەوە و دەبێتە ڕاوێژکاری ڕۆژنامەوانی زۆر لە کۆمپانیا زەبەلاحەکانی ئەمریکا و سەرۆکی ئەمریکا جۆن کاڵفن کۆڵدیج( ١٨٧٢ - ١٩٣٣ )ڕاویژی پێکردووە ، بێرنایز لە ئەمریکادا بە دامەزرێنەری پەیوەندییە گشتییەکان و پرۆپاگەندە دەژمێردرێت ساڵی ١٩٢٣ لە پەرتووکی ( بە کریستاڵی کردنی بیروباوەڕی جەماوەر ) کۆمەڵێک خاڵی گرینگی وەک پرنسیپ بۆ پەیوەندییە گشتییەکان دارشتووە گرینگترینیان ئەمانەن :

١ - ناساندن و ڕوونکردنەوەی کەسی دیاری کراو بۆ جەماوەر .

٢ – ڕوونکردنەوە و دڵنیا بوونی جەماوەر لە کەسە دیاریکراوەکە .

ئیڤی لی و ئێدوارد بێرنایز جەخت لەو بیروبۆچوونە دەکەنەوە کە پێویستە کۆمپانیاکان بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە ئەستۆ بگرێت و ڕاستگۆ بێ لە جیاکردنەوەی چاک و خراپ .

هەندێ لە بیروبۆچونەکانی بێرنایز بۆ پەیوەندییە گشتییەکان :

١ – پەیوەندییە گشتییەکان دەبێ خزمەتی گشتی لە خۆ بگرێت .

٢ – پەیوەندییە گشتییەکان دەبێ گەشە بە بیری نوێ و پێشکەوتن بدات .

٣ - پەیوەندییە گشتییەکان دەبێ هەوێنی ویژدانی گشتی بێت .